هەر خواردنەوەیەک سەرخۆشت بکات حەرامە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بەو شەرابەی لە هەنگوین دروست دەکرێت (الْبِتْعِ: مەی -ئارەقی- لە هەنگوین دروستکراو)؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەر خواردنەوەیەک سەرخۆشت بکات حەرامە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە شەرابێک کە لە هەنگوین دروستکرا بێت کە پێی دەووترێت (الْبِتْعِ)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامێکی گشتگیری دایەوە وماناکەی ئەوەیە گرنگ نییە چی ناوێکی هەبێت ئەگەر ناوەڕۆک وڕاستیەکە هەمان شت بێت. هەرخواردنەوەیەک یان هەرشتێکی تر کە ببێتە هۆی سەرخۆشکردنی مرۆڤ ئەوا وەکو مەی (ئارەق) وایە وحەرامە؛ جا لە هەرشتێک دروستکرا بێت. وئەمیش لە نیشانەی (جوامع الكلم)ە کە بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەخشراوە کە هەندێک وشەی کەم دەڵێت بەڵام واتایەکی زۆر دەبەخشن وجوان ڕوونکردنەوەی پەیامی پەروەردگارە، بۆیە لە ماوەی ژیانیدا ئەوەندە زانستی بەخشی کە دەیێتە هۆی ئاسوودەیی مرۆڤ لە دونیا ودواڕۆژدا؛ ئەمیش بریتیە لە شەریعەتی ئیسلام کە ئەگەر مرۆڤەکان وکۆمەڵگاکان دەستی پێوەبگرن وبە جوانی جێبەجێی بکەن ئەوا لە دونیادا ئاسوودە دەبن وناڕەحەتی وکێشە نامێنێت پێش پاداشتی نەبڕاوەی قیامەت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2952